www.kurdistannet.org
19-3-2003 23:02

# لە پشت پەردەی کۆبونەوەی ئەنقەرە چی هەیە؟

گۆران سامان

باشوری کوردستانی خۆشەویستمان کە ئەوە بۆ ماوەی ١٢ساڵە سەرباری ئەوەی دەرفەتێکی گرنگی بۆ ڕەخساوە کە بتوانێت بگات بە مافە نەتەوەیی و دیموکراتیەکانی، ڕووبەڕوی پیلان و گەمەیەکی نێو دەوڵەتی بۆتەوە، کە کەیێ بیانەوێت لە ڕێگای هەردوو پارتی دەسەلات بەدەستی باشور (YNK-PDK) بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاریان دێنن جا شتێکی ئاشکراو نەشارەوە بە نیگەرانی و داخێکی زۆرەوە ئەوەیە کە زۆر بەی جارانیش دژ بە سەرجەم ئەو پارتانەی کە وەك ئەوان بیرناکەنەوە هەروەها دژ بە بەشەکانی تری کورستان بەتایبەتی ڕۆژهەلات و باکور بەکارهێنراون.

وولاتە ڕۆژئاواییەکان لە لایەك و تورکیا لە لایەکی دیکەوە ئەوە بۆ ١٢ساڵ ئەچێت عەشیرەتە پۆلەتیزەکراوەکانی باشوری کوردستان کە لە شێوەی پارت بیرو بۆچون و بەرژەوەندی بنەماڵەیی و خێڵەکایەتیان فۆرمیلە کردووە، لە ژێر ناوی دۆستایەتی و بەرجەستەکردنی قەوارەیەکی کوردی بۆ باشور فریو ئەدەن و ئەوانیش لە پێناوی بێ دەنگ کردنی هەلوێستی شۆڕشگێرانە و نەتەوەیی گەل هەوڵ ئەدەن شۆڕشی چەواشە جا بە نۆرە لە ژێر گەلێك ناوو ناوەرۆك و گۆڤار و ڕۆژنامەو ڕێکخراوی جیاواز پیادەبکەن. نەك بە تەنیا بەخۆیان ئەرکی خۆیان بە جێ نەگەیاندوە بە ڵکو لە هەر کون و قوژبن و کەلێنێکی ئەو کوردستانەش کەسان و ئەو لایەنانەیان پاکتاو کردووە کە بۆنی پێشەنگیان لێ دێت.

ڕژێمی تورکیای فاشی کە ماوەیەکی درێژ هەردوو پارتی دەسەلاتبەدەستی بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆی بەکارهێنا، ئێستاکەش لەمیانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی دژ بە عێراق هەوڵ دەدات، دەستکەوتی گەلەکەمان لە هەموو بەشەکانی کوردستان بە تایبەتیش لە باکور–باشوری کوردستاندا لە ناوببات. بۆیە لە باکور درێژە بەسیاسەتی دان نەنان بە مافی گەلی کورد و لە باشوریش داگیرکردنی باشوری کوردستانی خستۆتە ڕۆژەڤی خۆی. دەوڵەتی تورکیا سیاسەتی ئەم دواییەی خۆی بە بەرێوەبردنی سیاسەتی گۆشەگیری لەسەر سەرۆکی گشتیKADEK دەستپێ ئەکات و لە داگیرکردنی باشوری کوردستاندا کۆتایی پێدێنێت، ئەمڕۆ دەوڵەتی تورکیا جیاوازی ناخاتە نێو هیچ کوردێك و هیچ قەوارەیەکی کوردی لە هیچ بەشێکی کوردستاندا، ئەگەر تەماشای ووتە و کرداری سەرانی تورکیا بکەین لەمەڕ باشوری کوردستان بەبێ ئەوەی ڕاستیەکە بەقەد ملیمێك بشارنەوە ئەڵێن ئێمە هیچ قەوارەیەکی کوردی لە باشوری کوردستاندا قەبوڵ ناکەین، هەربۆ ئەوەش ئێمە باشور داگیردەکەین. بەلام خۆپێشاندانە جەماوەریەکانی شاری هەولێر و سلێمانی و شارەکانی دیکەو دەرەوەی وولات بەتایبەتیش هەڵوێستی جەماوەر و پارتە سیاسیەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان لە هەمووشیان گرنگتر هەڵوێستی کۆنگرەی ئازادی و دیموکراسی کوردستانKADEKکە ووتی ئەگەر باشوری کوردستان لەلایەن سوپای تورکیاوە داگیربکرێت ئەوا لە باشور و باکور بەشەڕ ڕوبەڕوی ئەبینەوە، دوو ئاکامی گرنگ و بەبەهای لێکەوتەوە یەکەمیان ئەوە بوو کە ڕاپەڕینی جەماوەری ئەم جارە لە ئانوساتێکدا کە هاوکاتبوو لەگەڵ ١٥هەمین سالیادی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە و نەورۆزدا پلاتفۆرمێکی نەتەوەیی هێنا کایەوە، دوەمینیشیان ئەوە بوو کە هەڵوێستی کورد وای لە تورکیا کرد کە چاوێك بە خۆیدا بخشێنێتەوە و زیار بیر لەوە بکاتەوە کە ئەمە شتێکی هەروا ئاسان و ڕۆتین نیە، ئەو لێدوانە نابەدلانەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کۆلن پاوڵیش لەم بارەیەوە هەر لەو چوارچێوەیە دایە، بۆ ئەوە ئەگەر ئەمڕۆ سەرانی هەردوو پارتی باشوری کوردستان کەلە ئەنکەرەن پێویستە لەبیرنەکەن کە ئەوان لەسایەی ئەو جەماوەرە تێکۆشەرەی کە لە خۆپێشاندانەکاندا بەشداریان کردبوو بانگهێشتی ئەنقەرە کراون، ئەوان لە سایەی ئەو جەماوەرەی کە لە هەموو بەشەکانی کوردستان ئەمڕۆ پشتگیری لە شۆڕشی باشور دەکەن ئەنقەرە حیسابیان بۆ دەکات، بۆ ئەوە دەمەوێت ئاماژەیەك بخەمە سەر قسەکانی نوێنەری ئەنقەرەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕێز سەفین دزەیی بکەم کەلەم ڕۆژانەی دواییدا بەشێکی زۆری لە جەماوەری گەل نیگەران و عاجز کرد کە دەڵێت ئێمە دوا بەدوای ئۆپەراسیۆنی دژ بە عێراقدا ڕووبەڕوی تیرۆریستانی KADEKئەبینەوە، بۆیە پێویست ناکات تورکیا بێتە باشوری کوردستان، واتە کاك دزەیی دەیەوێت ئەو پەیامە بەتورکیا بدات کە ئەگەر ئێوە دەستکاری ستاتیکۆی ئاغایەتی ئێمە نەکەن ئەوا ئامادەین لە تورکیا زیاتر دژایەتی کورد و KADEK بکەین. ئەو قسەیەی سەفین دزەیی لە کاتێکدا دێت کە سەرانی هەردوو پارت بابەتی ڕێکەوتن لەگەڵ ئەنقەرە تاوو توێ دەکەن.

ئەگەر ئەمڕۆ تەماشای ڕەووشی گەلەکەمان بکەین بەئاسانی هەست بەوە دەکەین کە، ئەگەر هەر هیچ نەبێت هیچ نەبێت گەل گەیشتۆتە ئاستێك ڕێگا نادات مێژوو خۆی دوبارە بکاتەوە، هەموو لایەك باش ئەزانێت کە گەلەکەمان لە پێناوی ئاغایەتی هەردوو پارتی دەسەلآتبەدەستی باشور خۆپێشاندانی نەکرد گەلەکەمان لە پێناوی ئەوە ڕاپەرین و خۆپێشاندان ئەنجام دەدات تاکو لە هەموو بەشەکانی کوردستان گەل بگاتە پێوانە ئازادیەکان و کوردیش کۆتایی بە پارچەبوون و دابڕان بێنێت بۆیە پێویسە هەردوو پارتی دەسەلآتداری باشور بە هەستیاری لەگەڵ ئەور دیدارە مامەڵە بکەن و بەشێك و چەند پارتێك نەکەنە قوربانی بەرژەوەندیە حیزبیەکانیان. چونکە بەڕاستی ئەگەر ئەمڕۆ باکور و هێزی سیاسی لە باکور نەبێت ئەوا بۆ بەیانی نانی ئەوانیش نامێنێت پێویستە باش دەرك بەو ڕاستیە بکەن کە گەورەبون بەهێز بوون سەرکەوتنی ئەوان لە گەورەبون بەهێزبوون سەرکەوتنی باکور و بەشەکانی دیکە دایە نەك لە پاکتاو کردنیان.

ئەورۆکە ڕۆڵی جەماوەر لە ناوەوە و دەرەوەی وولآتدا گەلێك گرنگترە لە ڕۆڵی پارتە سیاسیەکان، بەتایبەتیش یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان تەنانەت ئێستاکەش دەیانەوێت سیاسەتی بێ ناسنامەیی لەسەر خۆپێشاندانەکان بسەپێنن. بۆ ئەوە دەبێ جەماوەر ئەورۆ بە شێوەیەکی هۆشیارانە پێشەنگایەتی ئەوە بکات کە ڕێگا نەدات هەندێك لایەن هەرەس و لە ناوچونی خۆیان و کەموو کوریە بەهەندەکانیان کە چەندینساڵە دوو بارەی ئەکەنەوە بشارنەوە، ئەگەر سەیری ئەو خۆپێشاندانانە بکەین کە هەردوو پارتی YNK-PDKلەژێر پەردە بەرێوەی ئەبەن بە زەقی سیاسەتی بێ ناسنامەییان ئەبینین کە ئەوان جەماوەریان نیە خۆپێشاندانیان بۆ ئەنجام بدات بۆیە بە ناوی بێ لایەن و ناحیزبی بوون دێنە مەیدان و پاشانیش دوا بەدوای تەواو بونی خۆپێشاندانەکان لە تەلەفزیۆنەکان پروپاگەندە بۆ خۆیان ئەکەن، سیاسەتکردن لەسەر ئالآی کوردستان و سیاسەتی بێ ناسنامەی ئایدۆلۆژی و چینایەتی ئەو پارتانە جگە لە خۆشاردنەوە و پینەکردنی ئەو ڕاستیانە هیچ واتایەکی دیکەی لێناکەوێتەوە.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣